دەستگیرکردنی 5 بازرگانی ماددەی هۆشبەر لە میسان



بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی،دەستگیرکردنی پێنج بازرگانی ماددەی هۆشبەری لە میسان ڕاگەیاند.

بەڕێوەبەرایەتییەکە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند : لە چوارچێوەی هەوڵە بەردەوامەکانی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و پاراستنی کەمەڵگە لە مەترسیەکانی، هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکە لە بەشی هەواڵگری و ئاسایشی فیرقەی بیست و دووی کەماندۆ، ئەمڕۆ یەکشەممە توانیان (5) بازرگانی ماددەی هۆشبەر لە پارێزگای میسان دەستگیر بکەن، کە فەرمانی دەستگیرکردنیان بڕیاری حوکمەکانی ماددەکانی (28 و 32)ی یاسای ماددە هۆشبەرەکان بۆ دەرچووبوو.

بەگوێرەی بەیاننامەکە : ئێپەراسیۆنەکە دوای چاودێریەکی وردی جووڵەی تەمتباران ئەنجامدرا و بووە هۆی دەستگیرکردنیان و هێواندکردنیان بۆ لایەنە دادوەرییە تایبەتمەندەکان بۆ گرتنبەری کاری یاسایی پێویست لە دژیان.